**_Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê_**
_Kurdistan National Congress_
**_Congrès National du Kurdistan_**
**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

KNK

_**Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles, Tel : 00 32 2 647 30 84 Homepage:** www.kongrakurdistan.net **e-mail:** kongrakurdistan@gmail.com_

بۆسەرۆکایەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ
ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراقی فیدراڵ لە 2025.07.16 کە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی (موسڵ، کەرکوک و دیالە) ئیدی ناتوانن یان بۆیان نیە بە زمانی کوردی وەڵامی تاقیکردنەوەکانیان بدەنەوە. ئەم بڕیارە پێچەوانەی مادەی 4 ی دەستوری ساڵی 2005 ی هەمیشەیی عێراقە، کە زمانی کوردی و عەرەبی بە دوو زمانی فەرمی سەرانسەری عێراق داناوە و چەندین بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیش هەیە لە سەری. بۆیە دەبێت زەمینەی یەکسان بۆ هەردوو زمانەکە برەخسێنرێت.
ئێمە لەکۆمسیۆنی زمان، کلتور و پەروەردەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - ک ن ک، بەتوندی ئیدانەی ئەو بڕیارەی حکومەتی ناوەندی عێراقی فیدراڵ دەکەین. لە کاتێکدایە کە ئەرکی سەرۆک کۆماری عێراقە کە پارێزەری دەستوربێت و ئەو بڕیارە هەڵبوەشێننەوە و حکومەت و وەزارەتی ناوبراو ناچار بکەن لەبری قەدەغەکردن زەمینەی بەکارهێنان و دەرفەتی یەکسان دروستبکەن. هاوکات ئەرکی سەرجەم نوێنەرانی کوردە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەغدا کە کار بۆ دەستەبەرکردنی سەرجەم مافەکانی کورد بکەن و لە ناویشیاندا مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک ئەوەی لە دستوردا هاتووە.
جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و هاوشێوەکانی هێندەی تر درزی نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق فراوانتر دەکات و کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیان و ئاشتی و بنەماکانی فیدراڵییەت دەبێت و عێراق بەرەو یەک زمان و ناوەندێتی دەبات.

**کۆمسیۆنی زمان، کلتور و پەروەردەی**
**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - ک ن ک**
**2025.07.26**